وەزارەتی ناوخۆ ڕەتیدەکاتەوە مانۆری کاتی بە ئەفسەر و سەرکردەکانی سوپای پێشووی سوریا دابەت

وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕەتیکردەوە، مافی "مانۆری کاتی" دابەتە ئەفسەر و سەرکردەکانی سوپای پێشووی ژێمی سوریا کە لە 7 و 8ی کانوونی دووەمی ڕابردوودا پەنایان بە عێراق بردووە.

عەمید میقداد میری وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە بەیاننامەیەکدا کەدەست ئاژانسی "موتەبع" کەوتووە ڕایگەیاندووە، "هەندێک لە سایتی سۆشیال میدیا هەواڵیان بڵاوکردەوە کە دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق مافی "مانۆری کاتی بە هەکاری مرەیی" بە دەیان ئەفسەر و سەرکردەی سوپای لەناوچووی ژێمی سوریا داوە کە لە 7 و 8ی کانوونی دووەمدا پەنایان بردووە بە عێراق، لەگەڵ هاتنە ناوەوەی هەزەکانی ئەپۆزسیۆن بە ناو شاری دیمەشق وبەغدا دوای چەککردنیان، ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر هاتنە ژوورەوەیان لە دەروازەی سنووری ئەلبوکەمال".

وتیشی، لەکاتێکدا ئەمە ئەم هەواڵە بە تەواوی ڕەتدەکەینەوە، ئەوە جێخت لەسەر گرنگی وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوە فەرمییەکان بەتەنهاو دوورکەوتنەوە لە پرپاکەندەی چەواشەکاریی دەکەینەوە.

ناوبراو درێژەی بە قسەکانی دا و وتی: "هەروەها دووپاتی دەکەینەوە کە وەزارەتی ناوخۆی عێراق هیچ ڕەوشوێنێکی سەبارەت بە پەدانی مانۆر بە هەر هەکارێک بە ئەفسەر و سەرکردەکانی سوپای پێشووی سووریا نەناوە، وەک ئەوەی هەندێک بانگەشەی بە دەکەن".